
KURDISTAN FILM FUND
یاسای پەیوەندی

یاسای پەیوەندی

ئەم ڕێسایانە تەواوکەری یاسا و ڕێنماییەکانی سندوقی فیلمی کوردستانن و دەبنە بنەمای کارکردن بۆ پێشکەشکاری داواکاری، ستاف، کەسانی پیشەیی دەرەکی و ئەندامانی دەستەی دادوەری.
لە کاتی هەبوونی هەر ناتەباییەک، نوێترین یاسا و ڕێنمایی سندوقی فیلمی کوردستان بەکاردەهێندرێت.

3. یاسای پەیوەندی نەکردن بە دەستەی دادوەری

3.1 یاسای گشتی

نابێت هیچ کام لە پێشکەشکار، دەرهێنەر، بەرهەمهێنەر، هاوبەرهەمهێنەر، نوێنەر، یاخود هەر کەسێکی دیکە کە لە بری داواکاری پێشکەشکراو ڕەفتار دەکات پەیوەندی بە ئەندامانی دەستەی دادوەرییەوە بکات بە شێوەیەکی پەیوەندیدار بە داواکارییەکەوە لە ماوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی سندوقی فیلمی کوردستان.

3.2 پەیوەندی قەدەغەکراو

پێشکەشکار نابێت:

- داوا لە ئەندامی دەستەی دادوەری بکات پێداچوونەوە یان پاڵپشتی لە داواکارییەکەیان بکات
- لۆبی بۆ ئەندامێکی دەستەی دادوەری بکات
- پرسیار لە نمرە یاخود هەڵسەنگاندن بکات
- کەرەستە و بابەتی زیادەی داواکاری بە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆ ئەندامێکی دەستەی دادوەری بنێرێت
- پرسیار دەربارەی زانیارێی کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری بکات
- هەوڵ بدات بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گاریگەری بخاتە سەر ئەندامێکی دەستەی دادوەری
- داوا لە لایەنی سێیەم بکات لە بری ئەوان لە دەستەی دادوەری نزیک بێتەوە
- دیاری، میوانداری، هاریکاری، خزمەتگوزاری یاخود هەر سودێکی دیکە پێشنیار بکات
- هەوڵ بدات زانیاری نهێنی دەربارەی داواکارییەکەی وەربگرێت


3.3 پەیوەندی پیشەیی پێشتر

هەبوونی پەیوەندییەکی پێشینە لە نێوان پێشکەشکارێک و ئەندامێکی دەستەی دادوەری بە شێوەیەکی خودکاری وەک هەڵسووکەوتی نادروست هەژمار ناکرێت.
بەڵام، هەرکات ئەندامێکی دەستەی دادوەری پەیوەندی بە پێشکەشکارێان پرۆژەیەک هەبوو کە ڕەنگبوو ببێتە هۆی دروستبوونی ململانێ و بەریەککەوتنی بەرژەوەندی، پێویستە ئەندامی دەستەی دادوەری ئاگاداری بداتە سندوقی فیلمی کوردستان.
ئەوکات سندوق دەبێت بڕیار بدات:

- هیچ ڕێکارێک پێویست نییە
- دەبێت پەیوەندییەکە تۆمار بکرێت
- پێویستە ئەندامی دەستەی دادوەری خۆی لە هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆژەیە بەدوور بگرێت
- پێویستە ئەندامی دەستەی دادوەری کۆبوونەوەی پەیوەست بەو پرۆژەیە جێبهێڵێت
- ڕێکاری دیکەی گونجاو پێویستە

3.4 پەیوەندی بەڕێکەوت

پەیوەندی بەڕێکەوتی پیشەیی یان کۆمەڵایەتی گەر پەیوەندی نەبێت بە داواکارییەکەوە بە شێوەی خودکاری قەدەغە نییە.
بەڵام، داواکارییەکە نابێت باس بکرێت.
گەر پێشکەشکار هەوڵیدا گفتوگۆ دەربارەی داواکارییەکی چالاک بکات، دەبێت ئەندامی دەستەی



دادەری کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنێت و ئاگاداری بدات بە ئەندامانی سندوق فیلمی کوردستان دەربارەی پەیوەندییەکە.

3.5 سەرچاوەی پەیوەندی

هەر پرسیارێک دەربارەی داواکاری پێشکەشکراوی چالاک دەبێت تەنیا لە ڕێی سەرچاوە و ئامڕازە فەرمییەکانی پەیوەندی سندوق فیلمی کوردستانەوە بێت. ستافی سندوق فیلمی کوردستان دەتوانن بەپێی پەیڕەوی پەیوەندی داواکار ڕوونکردنەوەی کارگێڕی دابین بکەن.

3.6 پێشێلکاری

هەوڵدان بۆ دروستکردنی کاریگەری نادروست لەسەر ئەندامێکی دەستەی دادەری ڕەنگە ببێتە هۆی:

- ئاگادارکردنەوەی فەرمی
- تۆمارکردنی ڕووداوەکە
- گەڕانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی سندوق
- لە حاڵەتی ڕژددا، ببێتە هۆی بێبەشکردن لە پاڵاوتن
- ڕێکاری دیکەی گونجاو کە سندوق فیلمی کوردستان بە پێویستی بزانێت

هەر بڕیارێکی بێبەشکردن دەبێت بە شێوازی فەرمی تۆمار بکرێت و بەڕێوەبەرایەتی ڕێپێدراوی سندوق پەسەندی بکات.

3.7 پابەندییەکانی دەستەی دادوەری

بۆ هەموو ئەندامانی دەستەی دادوەری بە شێوەیەکی یەکسان قەدەغەیە کە:

- بە شێوەی تایبەت ڕاوێژ بە پێشکەشکار بدەن دەربارەی داواکارییەکی چالاک
- داوای هاوکاری یان سود بکەن
- نمرە یان وردەکاری گفتوگۆ ئاشکرا بکەن
- گفتوگۆ دەربارەی پرۆژەی پێشکەشکارێکی دیکە بکەن
- هانی پێشکەشکارێک بدەن بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەندییان پێوە بکەن

4. پەیوەندی ستاف لەگەڵ پێشکەشکاران

4.1 بنەما

ستافی سندوقی فیلمی کوردستان دەبێت هاوکاری پێشکەشکاران بن لە یاساکان تێبگەن، بەڵام نابێت هاوکاری پێشکەشکارێک بن تا بتوانێت بە شێوەیەکی سەرکەوتووتر کێبڕکێ بکات بە بەراورد بە پێشکەشکارانی دیکە.

هاریکاری ستاف بۆ پێشکەشکاران دەبێت پابەندی ئەم خاڵانە بێت:

- بێلایەنی
- کارگێڕی
- ڕاست و دروستی
- هاوتا بۆ هەمووان
- بەردەست بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو پێشکەشکارن

4.2 دەکرێت ستاف چی ڕوون بکاتەوە

ستاف دەتوانێت ڕوونکردنەوە بدات دەربارەی:

شایستەیی

- چ پۆلێنێک بەردەستە
- پاڵپشتی چ قۆناغێک بەردەستە
- پێداویستییەکانی شایستەیی دەرهێنەر
- پێداویستییەکانی شایستەیی بەرهەمهێنەر
- پێداویستییەکانی شایستەیی ئەزموونی پێشینە
- پێداویستییەکانی پەیوەندیی کوردیی
- سنورەکانی پێشکەشکردنی داواکاری
- یاساکانی دووبارە پێشکەشکردنەوە

پێداویستییەکانی پێشکەشکردنی داواکاری

- چ بەڵگەنامەیەک ناچارییە
- چ فۆڕم یان خشتەیەک بەکاربهێندرێت
- سنوری لاپەڕە
- زمانی داواکراو
- جۆر و فۆڕماتی فایلەکان
- ڕێکارەکانی پێشکەشکردن
- پێداویستییە تەکنیکییەکان پلاتفۆڕم
- دواوادەی پێشکەشکردنی داواکاری
- داخۆ بەڵگەنامەیەک بەدەست گەیشتووە یاخود نا

پێناسەی زاراوەکانی سندووقگەشەپێدان

- بەرهەمهێنان
- بەرهەمهێنانی هاوبەش
- پاش-بەرهەمهێنان
- بڵاوکردنەوە
- بەرهەمهێنانی زۆرینە کورد
- بەرهەمهێنانی هاوبەشی کەمینە کورد
- نەخشەی دارایی
- تریتمێنت
- ڕێبەری زنجیرە
- چاپ و ڕیکلام P&A
- مۆنتاژی سەرەتایی
- وێنەگرتنی سەرەکی

دۆخی پرۆسە

ستاف دەتوانن بە بەشداربوو بڵێن:

- ئایا داواکارییەکەیان بەدەست گەیشتووە
- داواکاری لە ژێر هەڵسەنگاندنی شایستەییدایە
- داواکاری شایستەیە
- داواکاری شایستە نییە
- داواکاری لە ژێر هەڵسەنگاندنی دەستەی دادوەریدایە
- بڕیار دراوە یاخود نا

بەو مەرجەی دۆخی داواکارییەکە بە شێوەی فەرمی لە سیستمی سندوقدا تۆمار کرابێت.

4.3 ستاف نابێت چی بکاتڕاوێژی هونەری بدات

هەڵسەنگاندن بکات داخۆ سیناریۆیەک "بەپێی پێویست باشە"؛
پێشنیاری گۆڕانکاری بکات بە مەبەستی باشترکردنی نمرەی هونەری؛
دووبارە نوسینەوە بۆ پوختە، تریتمێنت یان وتەی دەرهێنەر بکات؛
پێشنیار بکات چۆن پێشکەشکارێک بتوانێت پرۆژەکەی لای دەستەی دادوەری سەرنجڕاکێشتر بکات؛
پێشبینی قبوڵبوونی پرۆژەیەک بکات؛
چانسی قبوڵکردنی پێشکەشکارێک بەراورد بکەن بە پێشکەشکارێکی دیکە.

زانیاری دەستەی دادوەرینمرەی دەستەی دادوەری ئاشکرا بکەن؛
سەرنجەکانی دەستەی دادوەری ئاشکرا بکەن؛
دەنگدانی تایبەتی ئەندامێکی دەستەی دادوەری ئاشکرا بکەن؛
گفتوگۆ دەربارەی کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری بکەن؛
ڕیزبەندییە سەرەتاییەکان ئاشکرا بکەن؛
دەری بخەن کە ئەندامێکی دیاریکراوی دەستەی دادوەری پشتگیری یان دژایەتی پرۆژەیەک دەکات.
ڕێنیشاندانی تایبەت (ئیمتیاز)زانیارییەک بدات بە پێشکەشکارێک کە بۆ پێشکەشکارانی دیکە بەردەست نەبێت؛
بە شێوەی نافەرمی چاوپۆشی لە یەکێک لە پێداویستییەکان بکات؛
بەڵگەنامە و بابەتی زیادەی نافەرمی لە پێشکەشکارێک وەربگرێت پاش تەواوبوونی پێشکەشکردن بەتایبەت لە شوێنێک کە یاساکان گۆڕانکاری قەدەغە دەکەن.
بەبێ ڕێپێدانی فەرمی دواوادە درێژ بکاتەوە؛
ڕاوێژ بە پێشکەشکارێک بکات چۆن بە ناو یاسایەکی شایستەییدا بڕۆن.
ڕاوێژی یاسایی و دارایی
ستاف دەتوانێت پێداویستییەکانی سندوق فیلمی کوردستان ڕوون بکاتەوە بەڵام نابێت ڕۆڵی یەکێک لەم کەسانە بۆ پێشکەشکار ببینێت:
پارێزەر
ژمێریار
ڕاوێژکاری باج
ڕاوێژکاری دارایی
لە کاتی گونجاودا، ستاف دەتوانێت ڕاوێژ بە پێشکەشکار بدات کە چۆن ڕاوێژی پیشەیی سەربەخۆ بەدەست بهێنێت.

4.4 پەیوەندی تەلەفوونی و کۆبوونەوە

زانیاری گرنگی کاریگەر لەسەر شایستەیی پێشکەشکارێک، دوا وادە، تۆمار و بەڵگەنامەکان یاخود دۆخ نابێت تەنیا لە پەیوەندی تەلەفوونیدابن.
هەرکات زانیاری و ڕوونکردنەوە بە شێوەی زارەکی دابین کرا، ستاف دەبێت:
هەمان ڕوونکردنەوەی هاوشێوەی یاسا و ڕێنماییە بڵاوکراوەکان و ڕێنیشاندەری ناوخۆیی دابین بکەن
خۆیان بەدوور بگرن لە پابەندییەک کە لە دەسەڵاتی ئەواندا نەبێت
بەپێی پێویست، گفتوگۆ بەرچاو و گرنگەکان تۆمار بکەن.
بەپێی پێویست ڕوونکردنەوەی شایستەیی و پرۆسەکان بە شێوەی ئیمەیڵیش دابین بکەن.

4.5 ڕوونکردنەوە بە شێوەی نوسین لە کاتی پێویستدا بۆ حاڵەتێک کە پرسیارەکە ژمارەیەکی زیاتری پێشکەشکاران بگرێتەوە

گەر پێشکەشکارێک پرسیارێکی گونجاو بکات کە ناڕوونییەک لای ژمارەیەکی زۆری پێشکەشکاران دەربخات، ئەندامانی سندوق فیلمی کوردستان دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:
نوێکردنەوەی پرسیارە باوەکان FAQ؛
بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوە؛
لە ڕێی پلاتفۆرمی فەرمییەوە پێشکەشکاران ئاگادار بکاتەوە.
ئەم پەیڕەوە دڵنیایی دەدات کە پێشکەشکارێک زانیارییەکی سوودبەخشی لانییە کە پێشکەشکارانی دیکە دەستیان پێی نەگات.

5. بنەمای بنچینەیی بۆ ستافی سندوق فیلمی کوردستان

گەر ستاف دڵنیانەبوو داخۆ گونجاوە زانیارییەک بدرێت بە پێشکەشکار یاخود نا، ئەوکات

پێویستە ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدات:
“ئایا دەکرێت دابینکردنی ئەم زانیارییە سود بە پێشکەشکارێک بگەیەنێت کە پێشکەشکارێکی دیکە نەیزانێت؟”
گەر وەڵامی ئەو پرسیارە بەڵێ بوو، ستاف نابێت ڕاوێژی تاکەکەس دابین بکات.
لەوکاتەدا دەبێت بابەتەکە:
بۆ سەرپەرشتیاری پڕۆگرام بەرز بکرێتەوە
لە ناوخۆدا ڕوونبکرێتەوە
بۆ FAQ یاخود ڕێنیشاندەری پێشکەشکار زیاد بکرێت بەپێی گونجان
بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو پێشکەشکاران ڕوونبکرێتەوە.
ئامانج ڕێگریکردن نییە لە دەستگەیشتنی پێشکەشکاران بە هاوکاری.
ئامانج دڵنیاییە لەوەی هەموو پێشکەشکارێک هەمان دەرفەتی هەیە بۆ تێگەیشتن لە سندوق، هیچ پێشکەشکارێکیش هاوکاری تایبەتمەند لە کێبڕکێ بۆ سەرچاوەکانیدا وەرناگرێت.

6. یاسای بەرزکردنەوەی ناوخۆیی

ستافی سندوقی فیلمی کردستان دەبێت بابەتەکە بۆ سەرپەرشتیاری پڕۆگرام یاخود بەڕێوەبەری باڵا بەرزبکاتەوە گەر پەیوەندیدار بوو بە:
شایستەیی ناڕوون
بەڵگەنامەی نائاسایی ڕەچەڵەک
ئەگەری ساختەکردنی بەڵگەنامە
پەیوەندی بە دەستەی دادوەری
پێشێلکاری لە پاراستنی زانیاری نهێنی
داواکاری بۆ چاوپۆشی
چاوپۆشی لە دواوادە
گلەیی بەرچاوی پێشکەشکار
ئەگەری بێبەشبوون
گومان لە مامەڵەی تایبەت
مەترسی یاسایی یان ناوبانگ

بڕیار و هۆکاری گەیشتن بە بڕیار دەبێت لە فایلی تایبەتی داواکاریدا تۆمار بکرێت بەپێی گونجان.

سوپاس

ئیمەیڵ

info.fund@creativekurdistan.krd

بۆ پەیوەندی

+964 (772) 139 2923

ناونیشان

تەلاری هێرا، شەقامی میدیا، نهۆمی 3، شوقەی-30 31،
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق



KURDISTAN FILM FUND